## لەپاش باران کەپەنک لەوەڵامی جەهالەت نامەکەی بەناو گۆڕانی کۆمەڵەی خوێندکاراندا.. ئامانج عەبدوڵا سوور

ڕۆمانی یادەوەری شەقامێك لەنوسینی برای نوسەر کاك تەها ئەحمەد ڕەسولە لی لەبڵاوکراوەکانی بزاف دانیە ئەمەش لەدەقی داوانامەی نوسەردا هاتووە کەداوا دەکات لەسەر ئەرکی خۆی لەچاپخانەکەی بزافدا چاپ بکرێت بەڵام ئێمە داشکاندنمان بەدەستوری هەمیشەیمان بۆ کرد وەك پرۆژەیەك بۆ کۆمەك کردنی نوسەران پاش ئەوەی ماوەیەك لەسەر ڕای نوسەرەکە خۆی ئەم کتێبە لەچاپ کردن دواکەوت هەرزە قەڵەمێك لەئۆرگانی جەهالەت نامەی بەناو گۆڕانی کۆمەڵەکەی خوێندکاران دا کەوتە تانەوتەشەرەو درۆ هەڵبەستن منیش وەك بەرێوەبەری ئەو دامەزراوەیە جەرگ برانە وەڵامێکی لوتشکێنی خۆی وکۆمەڵەکەیم دایەوە وهەرلەرێی سکرتێرەکەیانەوە ناردم بۆ بڵاورکدنەوە ئیدی بەغەفڵەتداچوون وخێرا ئەتوت هەنگوینی شەمەتیلینکەیان لەدارا دۆزیوەتەوە بڵاویان کردەوە بەڵام چی ڕووی دا؟؟؟

کاتێك بەخۆیان زانی تەخت وتاراجیان چوە بەئاسمانا وبەۆخیان نەزانیوە جا چونکە دەنگەکانی ناوئەشکەوت ئازادیان پی هەرس ناکری هەرخێرا تێکرای ڕۆژنامەی ڕۆژی 2006/7/1ی بەناوگۆڕانیان ماشیەوە هەربۆئەوەی نەگاتە دەست کەس تەنانەت ئێمە کە بابەتەکەمان ناردبوو بەدەست خۆمان نەگەیشت... ئەمرۆ ژمارەیەکی نوێیان بۆ ناردین کەتیای دا هەرزەقەڵەمێکی کاڵفامی نەخوێنەواری سەرواو لەسکانەبووی ئەشکەوتی دەنگی گروپەکەی رەرە وەڵامی هێستریا ئامێزی داومەتەوە بەومەبەستەی بۆجارێك ناوی بێنم تا شاباشێکی گەرم بەدەست بێنی کەئەوخەوشیم زراند!

رووزەردنامەکەی گۆران کە تاهەنوکەش توێژی خوێندکاران بەچین ناوزەند ئەکات وچوار خوێنەواری نیە پێی وابوو بەبڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە باشترین رەواج پەیدا دەکات لی لەئەنجام دا توشی هیستریا بوون کارگەیشتە ئەوەی پێیان وابوو لەسەر سەنگی گەمانی بۆکسێن وەستاونەتەوە تا کونی لوتیان لەسەر لوتکەی هەرەمی هەجوەکانم هەپرون هەپرون بوو کورد ووتەنی بونە شرەی بەرتۆپەکە!!

کورانی راگەیاندنە کەفتەکارەکەی گۆڕن کورزەیان لێوە دی وهەناسەی ساردیان بەرەنگی زەردی ڕۆژنامەکەیانەوە دیارە بۆیە هەرزەقەڵەمە وەڵامدەرەکە هەروەك شوبهاندوومە بەپاڵەوانی ساتێرێکی قۆشمە نوس کاك فەرهاد پیربال ئاە ونزولەی هۆنیبووەوە نەك وەڵام هەروەك لەدێرەکانی ناوەراستیدا ئەپارێتەوە بۆئەوەی لەگەڵیا دواندنێك بکەم، ئەم شەپرێوە هەرزەکاڵفامە توشی گرێی دەروونی بووە بۆخۆی ودۆستێکی قەرزکوێریەوە دانیشتوون وەڵامیان بۆمن هۆنیوەتەوە!!

ئەم کەفتەکارە پێی وایە سەنگەرێکی ئەنتی پارتی رازاندۆتەوە بۆنوسەر لی نازانی کاك تەها ئەحمەد ڕەسول موچەخۆری نێو راگەیاندنی پارتیە ولەکتێبەکەی دا زۆر بەخەستی باسی ساڵانی شەستەکان ئەکات ودۆسیەیەکی رەشی بۆ کردۆتەوە ئەوجا کە کتێبەکە بەیانی کەوتە بەردیدی خوێنەران دویی راستیەکان دەرئەکەوێت چما ئەوکات ئەم هەرزەقەڵەمَ وشێنە چی بەکوێخاکانی دەڵێ؟؟

ڕەسوڵێ هەمزەتۆف ئەڵێ دەمی چپوك قسەی گەورەش دەکات بەڵام هەرگیز نەمبیستووە عەقڵی گچکە بابەتگەلی هەبێت ئەم برادەرە کەلەوتاقە ڕۆژنامەیەو هەندی نەشرەمەدرەسی بترزای ونامەی دڵداری لی دەرکەیت تاقە بابەتێکی بڵاوکراوەی نیە ولەزمانی دایك بەولاوە هیچ خوێندنەوەیەکی تری نیە هەربۆشە سەردێری وەڵامەکەی بەشیعری شاعیرێکی موقتەبس بە ئەدەبی سحیری واقعی ئەمریکای لاتینی رازاندۆتەوە ئنجا دێرێکی ئەحمەدی شامیلۆی بەکارهێناوە نەیزانیەوە هی کێیە ئاخر لەبابەتێکی خۆمی دزیوە کەلەسایتی کوردستان نێـ دامگرتووە دنیایەکی سەیرە گوڵم!!!